www.kurdistannet.org
11-4-2006 2:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مارادۆنا هیوا خوازە کە مەشق بە هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بکات ... ئەنوەر خەراجیانی

ئەستێرەی پێشووی نێودەوڵەتی لە یاری تۆپی پێدا (دیگۆ مارادۆنا) لە خولی مۆندیاڵی ساڵی 1994 دا لە ئەمەریکا ئەنجام درا یاری نێوان هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و یۆنان مارادۆنا گۆڵێکی زۆر جوانی ئەنجام دا دوای کۆتایی یاریەکە بەهۆی پشکنینی پزیشکیەوە دەرکەوت مادەی بەهێزی بەکار هێناوە کە ئەم مادەیە نێودەوڵەتی قەدەغە کراوە لە لایەن (فیفا) وە، دوای دەرکردنی مارادۆنا لە مۆندیاڵ دەستی کرد بە خواردنی مادە بێهۆشکەرەکان وەك (هێرۆین و هەش) کە زیاتر لە کوبا دەمایەوە لە بەر ئەم مەبەستە چەند ساڵێکی نەبرد مارادۆنا قورسایی لەشی گەیشتە زیاتر لە 100 کغم چەندین جاریش لە نەخۆشخانەکان ماوەتەوە، دیگۆ مارادۆنا بەهۆی وازهێنانی لە مادە بێهۆشکەرەکانەوەو نەشتەرگەری
(گەدە) کرا کێشی زیاتر لە 35 کغم دابەزیوە ئارەزوو دەکات جارێکی تر بگەڕێتەوە ناو یاریگاکان بە مەبەستی ڕاهێنەری، لەوانەیە فرسەتێك هەبێت لەبەردەمیدا بۆ مەشق کردنی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین ئەگەر ئەو ڕاهێنەرەی ئێستا (جوسی بیکرمان) هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا لە یاریەکانی کاسی جیهانی لە ئەڵەمانیا ئەوا دوای کۆتایی مۆندیاڵ مارادۆنا پاڵێوراوی یەکەمە بۆ وەرگرتنی مەشق پێدانی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، مارادۆنا تەمەن 45 ساڵ ووتی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتین ڕایگەیاندووە ئەگەر هەڵبژاردەی وولاتەکەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوا مارادۆنا دەبێت بە ڕاهێنەری لاوانی هەڵبژاردەی ئەرجەنیتن، لە مارادۆنایان پرسی سەبارەت بە کام وولات سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت لە کاسی جیهانیدا
دەبێت زۆر ئاگادار بین لەم مۆندیاڵە چونکە لە خولی مۆندیاڵی 2002 دا زوو گەڕاینەوە بۆ ئەرجەنتین.
مارادۆنا ئاماژەی بەوەشدا کە ململانی ئەم ساڵ زۆر بەهێزە لە نێوان 8 هەڵبژاردەی جیهانی دا بەڕازیلی
و ئەرجەنتین لە کیشوەری ئەمەریکای باشوور لەگەڵ 6 هەڵبژاردەی کیشوەری ئەوروپادا، بەڵام ڕوونی نەکردەوە ناوی ئەو 6 وولاتەی وولاتانەی ئەوروپا کام وولاتن.

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی
پەیامنێری کوردستان نێت

www.kurdistannet.org

11-4-2006 2:15 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



FOTO: ISMAEL FRANCISCO/REUTERS






Foto: AP

